





# هونەر ڕایەڵی سۆز

نیگار هونەرێکە هەر زوو ناسنامەی فرە ڕەهەندی نیگارکێش دەخاتە ڕوو. ڕەگەزەکانی ئەم هونەرە بە گوێرەی هزر و هۆش و هەست و نەستی هونەرمەند گەڵاڵە دەبن، ئەمانەش تێکڕا لە ژینگە و دەوروبەرەوە سەرچاوە دەگرن. ئیدی هەرچەندی بینەر بیەوێت ڕەگەزەکانی تابلۆ، هێما و مەبەستەکانی ئەفرێنەرەکەیان فەرامۆش بکات، ناتوانێت ناوەرۆکی گوتاری دیدەییانەی هونەر بشێوێنێت، بۆ کەسێك مەبەستی بێت بیخوێنێتەوە، یان شرۆڤەی بکات و چێژی لێ وەربگرێت، هەوڵی بەرهەڵستکاری گوتار و دژەکەی، سەبارەت بە بینەری زرنگ بێ ئاکام دەبێت، چونکە پەیامی هونەر هێندە ڕوون و ئاشکرایە، دواى هەزارانساڵیش بێت، دیزە بە دەرخۆنە ناکرێت.

تاریق کارێزی







دلێر محەمەد شەریف یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کوردستان، لە خەملاندنی پێکهاتەی گوتاری دیدەییانەی خۆیدا سەرکەوتوو بووە. لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی ڕیالیستانە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری، توانیویەتی ڕەگەزەکانی هونەری خۆی گەڵاڵە بکات، لە هەڵبژاردنی ڕەنگ، گرد و کۆ کردنەوەی فیگەر و داڕشتنی تان و پۆی تابلۆدا، بە ڕەوان زمانی ستاتیکایەکی زۆر خۆماڵیانە دێتە گۆ. زمانێك کە لە هەست و نەستی مرۆڤی کوردستانییەوە نزیکە، بۆ بینەرێکی غەیرە کوردیش، گوتارێکی چڕ و پڕە، لە بە جۆش هێنانی ئەندێشەی هەموو بینەرێك، هونەرەکەی کارا خۆی دەنوێنێت. لەمەشدا دلێر بە ئاقاری هەمان ڕەوتی سنە (هونەرمەندانی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا دەچێت. هەنگاوی هەردوو لاش بە ئاراستەی گەڵاڵە کردن و سەرخستنی ڕەوتێکی کوردستانیانەی هونەر دەچێت.

ئەو لە ژیانی خەباتی شاخەوە هێما و فیگەری هەڵبژاردەی خۆی لە گوندەواری کوردستان چنیوەتەوە. بۆ نموونە فەرەنجی و سندووقی ماڵان، قەلەڕەش و پەڕەسێلکە، پۆشاکی کوردی و لە ئەفسانەشەوە گای بە سیمبوڵ هەڵبژاردووە. ئەمانە هێماگەلێکن شارستانیەت و کولتووری دێرینی نەتەوەیەك، بە هەردوو دیوی ماددی و واتاییەوە، دەنوێنن.

پەیوەست بە بڕگەی یەکەم، هونەرمەند ئەو گۆڕانەی سەرەتا لە شاردا بەسەر ژیانی کۆمەڵگەدا دێت، لە نێو تابلۆکانیدا بەرجەستەی کردووە. لەم گۆشەیەوە دەکرێت خوێندنەوەیەك بۆ ناوەرۆکی بەرهەمەکەی، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و هزری و شارستانییەوە بکەین. بۆ نموونە، لە تابلۆیەکدا خوێندنەوەیەکی ڕواڵەتی (سیمانەوازی) بۆ ڕوانینی سێ نەوە دەکات، لە ڕێی پیشاندانی ستایلی جل و پۆشاکی نەوەکانەوە، گۆڕانی دید و بۆچوون دەخاتە ڕوو، ئەگەر لە مرۆڤەکانی نێو تابلۆکەش ورد ببینەوە، تێدەگەین، لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانەی کۆمەڵ دەگرێتەوە، ململانێ و دژە بۆچوون لە نێو هەر نەوەیەکدا بەدی دەکرێت، لەو نێوەندەشدا جڤاك لە وەرچەرخان و گەردانی گۆڕانکاری بەدەر نابێت. نوێ دێت و کۆن ڕادەماڵێت. لە نێو گەردانی ئەو هاوکێشەیەشدا، یاد و یادەوەریی مرۆڤ (وەك تاك و جڤاك)، بە شێوەیەك لە شێوەکان، زامدار دەبێت، هەستی دۆڕاندن و لەدەست چوون، گیان و هەستی مرۆڤ دەتەنێتەوە. ئەمەش لە نێو هونەر و وێژەدا وەك نوستالیژا ڕەنگ دەداتەوە.

تابلۆی ئەم هونەرمەندە لە ڕووی ڕوانگەوە یەك جووت ڕەهەندە، بە گشتی لە تەختە ڕووبەردا (پانی بە درێژی) کار دەکات، بە دەگمەن تان و پۆی تابلۆی، گرێچنی داڕشتنی بە قووڵایی (ڕەهەندی سێیەم)دا دەچێت. ئەم فەرامۆش کردنی ڕوانگەیە لە نێو تابلۆدا ڕیشەیەکی ڕۆژهەڵاتیانەی هەیە، لە ڕووبەرێکی تەختدا گوتار گەڵاڵە دەکات. ناکرێ دووبارە بوونەوەی پەڕەسێلکەش نادیدە بگرین، کە باڵندەیەکە کورد ڕێزێکی تایبەتی لێ دەگرێت، لە بارەی ئەوەوە دەڵێت «قوڕ دێنم لە قوڕە شینێ، ئاو دێنم لە مەدینێ، هەر کەس هێلانەم تێك دا، یاخوا خێر لە خۆی نەدینێ.»

گا لە ئەفسانەی کوردیدا سیمبوڵی هێز و بۆغراییە، بە خۆی و قۆچییەوە لە تابلۆکانی دلێردا ئامادەیە، نەخشی سەر بەڕەی کوردەواری بە نێو تابلۆکاندا پەرت و بڵاو دەبێتەوە. ئێمە لە بەردەم گوتارێکی ستاتیکیداین کە سەردەمێکی جومگەیی، پڕ لە بزاڤ و جووڵەی لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان تۆمار کردووە. لێرەوە ئەم گوتارە کە هەڵگری سۆزی گەرمی ئەڤینە، دەبێتە باڵانمای سەردەمی ئاوا بوونی ڕۆژگارێك و دەست پێ کردنی سەردەمێکی نوێ، لە نیشتیمانێك ناوی کوردستانە و لە چاوەڕوانی گەڵاڵە بووندایە.

## ئیلیسا بۆ گوڵان:

# کەناڵە کوردییەکان هونەری کوردیان لە بیر کردووە

ئیلیسا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەی پێنج ساڵ لە هەولێری پایتەختی باشووری کوردستان ژیاوە، دواتر ڕووی لە وەڵاتی سوید کردووە و ئێستا لەوێ ژیان بەسەر دەبات، وێڕای سەختییەکانی ژیان لە وڵاتی غەریبی، ئیلیسا بەردەوام بووە لە کاری هونەری، هەروەها سەرەڕای ساردوسڕی و بەستەڵەک لە ئەسکەندەناڤیا، کە تا ڕادەیەک هاوشێوەی ساردیی شاری شنۆی ڕۆهەڵاتی کوردستان و زێدی خۆیەتی، هەست بە ئارامی و دڵنەواییەکی زۆر دەکات و، خەڵکی ئەم وەڵاتە بە کەسانی میهرەبان و مرۆڤدۆست ناو دەبات، کە دەرگایان بۆی واڵا کردووە و دڵسۆزانە یارمەتییان داوە، ئێمەش وەك گۆڤاری گوڵان لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکیمان ئاراستەی ئیلیسا کرد، کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



*** ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن هونەرمەندی گەورەیە، هیچ لەو هونەرمەندانە کاریگەرییان بەسەرتەوە هەبووە؟**

- من هەر لە مناڵییەوە زیاتر بیسەری موزیکی فارسی بووم و، هونەرمەندی ناسراوی فارسی (نۆش ئافرین) کە هاوڕێیەکی زور نزیکمەو، تەنانەت لە زۆربەی دیمانەکانیشیدا باسی من دەکات، ئەو هونەرمەندە لە بەردەوام بوون و درێژەدان بە کاری هونەری، زیاتر کاریگەریی بەسەر منەوە هەبووە.

*** ئایا هونەرمەندێکی کورد تا چەند دەتوانێت بە زمانی بیانی خزمەت بە کولتووری کوردی و ناساندنی کورد بگەیەنیت؟**

- من وەك کچە هونەرمەندێك ئەوەی لە توانامدا بووە کردوومە و دەیکەم، بۆیە جگە لە گۆرانیگوتن بە زمانی کوردی، بە چەندین زمانی بیانییش گۆرانیم گوتووە.

*** گۆرانیگوتن بە زمانی سویدی بۆ تۆ زەحمەت نەبوو؟**

- لەبەر ئەوەی من زوو فێرە زمانی سویدی بووم، بۆیە گۆرانیگوتن بە زمانی سویدی بۆ من زەحمەت نەبوو، جگە لەوەی هاوڕێکانم هەموویان سویدین ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو کە من بە ئاسانی فێرە ئەو زمانە بم.

*** وەك ئافرەتێکی هونەرمەندی کورد چ ئاستەنگێك زیاتر ڕووبەڕووت بۆتەوە؟**

- من تەنیا باس لە خۆم دەکەم، هیچ کات ڕێگەم نەداوە ئاستەنگەکان ببنە هۆکار، بۆ ئەوەی بیر لە وازهێنان لە کاری هونەری بکەمەوە، من خۆم کەسێکی هێمن و میهرەبانم، دڵنیام لە پاکی و ڕاستگۆیی خۆم، بۆیە گوێ لە هیچ شتێك ناگرم کە کۆمەڵگە، یان کەسانێك بە بیری تەسکی خۆیان لە من و کارەکانم دەڕوانن، هەمیشە خۆم بووم و بەو جۆرە ژیاوم کە خۆم ویستوومە.

*** هەندێك کەس دەڵێن کاری هونەری لە ئەورووپا زەحمەتە، وەك هەڵکەندنی بیر بە دەرزی، تا چەند پشتگیری لەو قسەیە دەکەیت و بۆچی وا دەگوترێت؟**

- من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم، بە بڕوای من وانییە، ڕەنگە کیشە ی ئەو کەسانە زمان بیت، یان وەك پێویست نەتوانن پەرە بە پەیوەندییەکانیان بدەن لە ئەورووپا، ئەورووپییەکان بە گشتی کەسانی میهرەبان و ڕاستگۆن.

*** جاران لە نێو کورددا هونەرمەندی ئافرەت کەم بوون، ئێستا هونەرمەندی ئافرەتمان زۆرە، ئایا پێتوایە خزمەتیان بە هونەری کوردی کردبێت؟**

- من تائێستا بە هیچ شێوەیەك لە سۆشیال میدیا دەرنەکەوتووم و ئاگام لە سۆشیال میدیا نییە، بەڵام ماوە ماوە وێنەیەکی نوێی خۆم بڵاو دەکەمەوە، بەداخەوە زۆر کەس بە ناوی هونەری کوردییەوە تەنیا خەریکی خۆدەرخستن و خۆنمایشکردنن، بێ ئەوەی هیچ باکگراوەندێکی هونەرییان هەبێت و، شارەزای ئەو بوارە بن، بە بڕوای من هونەرمەندانی پێشوو سەرەڕای کەمیی تەکنۆلۆجیا زۆر سەرکەوتوو بوون و، کاتێك گوێمان لە گۆرانییەکانیان دەگرت چێژمان لێیان دەبینی.

*** دەیان کەناڵی کوردیمان هەیە، ئایا وەك پێویست خزمەتیان بە هونەرمەندان کردووە، بۆ نموونە جەنابتان؟**

- کەناڵە کوردییەکان ئەوەندی خۆیان بە پڕۆژەی بێ بنەماوە سەرقاڵ کردووە، هونەری کوردیان لە بیر کردووە.

*** لە نێوان کارکردن و خوێندن و کاری هونەریدا، چۆن توانیوتە پەرە بە کارەکانی خۆت بدەیت؟**

- من هەمیشە لە ژیاندا هەوڵ دەدەم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم و، هیچ کاتێکیش خۆم نەدیتووە کە کۆڵ بدەم لە ژیان، بۆیە زۆر ماندوو بووم، چونکە دەخوێنم و کاری زۆرم هەیە، لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای سەختیی ژیان، دەبێ کات تەرخان بکەم بۆ ئامادەکردنی کارە هونەرییەکانم، بەتایبەتی کە ئێستا سەرقاڵی کاری ئەلبوومێکی نوێم.

*** ئایا تاچەند گرنگی بە سۆشیال میدیا دەدەیت و چەند کاتی بۆ تەرخان دەکەیت؟**

- وەك پێشتر باسم کرد، ئێستا هیچ کاتێکی وام نییە بۆ سۆشیال میدیا، تەنیا جار جارە وێنەیەکی خۆم بڵاو دەکەمەوە، بەڵام هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا دوای تەواوبوونی ئەلبوومەکەم، گرنگیی زیاتر بەو بوارە بدەم.

*** تۆمار کردنی گۆرانییەك لە سوید خەرجی چەندی دەوێ؟**

- کەسێکی سویدی هەیە وەك برایەك بەردەوام هاوکاریم دەکات، ئەو منی بە گرووپێکی سویدی ئاشنا کرد، کە زۆر بەتوانان لە بواری موزیکدا، ئێستا کاریان لەگەڵدا دەکەم، بۆیە تا ئێستا هیچ بڕە پارەیەکم خەرج نەکردووە، لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بە شتێك بکەم، بەداخەوە نازانم بۆ میللەتەکەمان، زوو بڕیار دەدەن بێ ئەوەی ئاگادار بن، یان زانیارییان هەبێت، هەر کاتێك من وێنەیەکم بڵاو دەکەمەوە دەست دەکەن بە پڕوپاگەندە گوایە ئەوە هاوسەری منە، هیوادارم لە زانیارییەکانیاندا ورد بن، ئینجا حوکم بدەن.

*** دوایین کاری هونەریت چییە؟**

- سەرقاڵی چەند کارێکی هونەریم بە زمانی سویدی و کوردی، هەوڵ دەدەم لە ماوەیەکی زوودا بە ئەنجامیان بگەیەنم و بڵاویان بکەمەوە.

*** سویدییەکان چەند هاوکارت بوون لە درێژەدان و بەردەوام بوون لەسەر کاری هونەری؟**

- من خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم کە لە سوید دەژیم، چونکە ئەوەی لە توانایاندا هەبێت، پاڵپشتییەکی زۆری منیان کردووە.



# گراندی یارمەتیی تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییەکان دەدات



گۆرانیبێژی ئەمریکی (ئاریانا گراندی) بڕیاریدا لە سەکۆیەکی تایبەت بە چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان بەشداریی بکات، بە ناوی (Better Help)، بۆ ئەم مەبەستەش بڕی یەك ملیۆن دۆلاری بەخشی.

لەم بارەوە گراندی لەسەر پەیجی تایبەتی خۆی لە تویتەر و گشت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رایگەیاند: «من زۆر بە پەرۆشم کە بڕی یەك ملیۆن دۆلار پێشکەش دەکەم بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشییە دەروونییەکان، بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە نابێ چارەسەر تەنیا بۆ کەسانی دەوڵەمەند و خوا پێداوەکان فەراهەم و بەردەست بێت، بەڵکو دەبێ هەموو کەسێك بە یەکسانی چارەسەری دەست کەوێت»، لە درێژەی وتەکانیدا ئاریانا نووسیوویەتی: «لێرەدا دەمەوێ هانی ئەو کەسانە بدەم کە پێویستیان بە چارەسەر هەیە، کە دوو دڵ نەبن لە داواکردنی یارمەتی و، خۆیان لەو دێوەزمەیە رزگار بکەن، دەبێ ئەوانیش سوود لەو دەرفەتە ببینن و چارەسەری پێویست وەربگرن لەسەر دەستی کەسانی پسیۆڕ و شارەزا بە خۆڕایی و، بە لایەنی کەم بۆ ماوەی یەك مانگ»، لە درێژەی تویتەکەیدا ئاریانا ئاماژەی بەوە کردووە کە تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییەکان دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ سوود لەو دەرفەتە وەربگرن، لەوبارەیەوە نووسیوویەتی: «دوای مانگێك لە وەرگرتنی چارەسەر، تووشبووان ئازادن لەوەی بەردەوام بن لە تەواوکردنی کۆرسەکانی چارەسەر، هیوادارم ئەمە سەرەتایەکی باش و سوود بەخش بێت، چونکە چارەسەرکردن ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە کات و ماندووبوونێکی زۆر هەیە».

**سەرچاوە: گولولی**

# پاش چەندین ساڵ هاوڕێیەتی جیابوونەوە



لەمیانەی دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (زە هۆڵیوۆد ریپۆرتەر) دوایین جۆنسۆنی ناسراو بە (زە روك) رایگەیاند کە لەمەودوا هیچ پەیوەندییەکی بە زنجیرە فیلمی ئەکشنی (Fast and Furious)ـەوە نەماوە.

لە دیمانەکەدا جۆنسۆن باسی لە دوایین فیلمی خۆی کرد، بە ناوی (Jungle Cruise) و ناکۆکیی لەگەڵ ڤین دیزل، چونکە دیزل بڵاوی کردبۆوە کە ئەو (خۆشەویستییەکی قورس) بە هاوڕێکانی دەبەخشێت، بەڵام جۆنسۆن بە پێکەنینەوە وەڵامی ئەمەی دایەوە و، گوتی: «من زۆر زۆر پێکەنیم و پێموایە هەموو لایەکیش زۆر بەم قسەیە پێکەنیون، بۆیە لەمە زیاتر باسی ئەو بابەتە ناکەم، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لە (Fast 9) هەروەها لە بەشەکانی دیکەی ئەم فیلمە کە دەیانەوێ وێنەی بگرن، بەڵام ئەم جارە بەبێ من دەبێت، چونکە من لەگەڵیان نابم».

ڤین دیزل پێشتر رایگەیاندبوو کە لەگەڵ جۆنسۆن ناکۆکییەك لە نێوانیاندا درووستبووە، بەتایبەتی دوای وەستاندنی فیلمەکە لە ساڵی ٢٠١٦، لەم بارەوە رایگەیاند: «کەسایەتی هۆبز کە رۆك بەرجەستەی دەکرد، یەکێك بوو لە کەسایەتییە زۆر زەحمەتەکانی زنجیرە فیلمەکە».

**سەرچاوە: /etbilarabi.com**



## باسکال مەشعەلانی:

# ترسم لە تەمەن نییە

باسـکاڵ مەشـعەلانی گۆرانیبێـژی لوبنانـی رایگەیانـدووە کـە لـە ئێسـتادا بـە هیـچ شـێوەیەك بیـر لـە وازهێنـان لـە گۆرانیگوتـن ناکاتـەوە، بەڵکـو هـەوڵ دەدات کاری نوێتـر و جوانتـر پێشـکەش بـکات.
لـە وڵامـی پرسـیارێکدا دەربـارەی کاریگەریـی تەمـەن بەسـەر کارە هونەرییەکانیـەوە، باسـکاڵ گوتـی: «تاکـە هـۆکار کـە وام لـێ بـکات بیـر لـە وازهێنـان و دوورکەوتنـەوە لـە هونـەر بکەمـەوە، ئەوەیـە کـە بزانـم ئیـدی دەنگـم گونجـاو نییـە بـۆ گۆرانـی و بـە دڵـی جەمـاوەر نەبێـت، ئـەو کاتـە سـنوورێك بـۆ کاروانـی هونەریـی خـۆم دادەنێـم، بـەڵام بـە هیـچ شـێوەیەك تەمـەن نابێتـە هـۆکار کـە واز بهێنـم، تـا ئـەو کاتـەی دەنگـم باشـە و جەمـاوەر پێشـوازی لـە کارەکانـم دەکـەن، مـن بـەردەوام دەبـم و کاری نوێتـر پێشـکەش بـە جەماوەرەکـەم دەکـەم».
بـە پێچەوانـەی زۆربـەی هونەرمەندانـی دیکـە، باسـکاڵ پێـی وایـە کـە هونـەر هیچـی لـێ نەسـەندووە، بەڵکـو ناوبانـگ و پـارەی پـێ بەخشـیوە، لـە هەموویشـی گرنگتـر خۆشەویسـتیی خەڵکـی پـێ بەخشـیوە، کـە سـەروەتێکی زۆر گرنـگ و بەهـادارە بـۆ ئـەو.
دەربـارەی رۆڵـی خانەوادەکـەی لـە کاروانـی هونرییـدا باسکسـڵ دەڵێـت: «بـە درێژایـی کات لـە باوەشـی خانەوادەکەمـدا دەژیـم و پارێزراوم، بەتایبەتـی دایکم، کـە هەمیشـە پشـتگیریم دەکات و رۆڵێکـی سـەرەکیی هەبـووە لـە کاروانـی هونەریمـدا و، تـا ئێسـتاش دایکـم هەمـوو کارەکانـم رێـك دەخـات.

**سەرچاوە: گولولی**